# فیقهی ئاسان: پەرتوکی تاوانەکان: دەروەازەی دووەم: باسی خوێنەکان

# الفقه الميسر: كتاب الجنايات: الباب الثاني: في الديات

< کوردی - كردي - kurdish >

دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# باسی خوێنەکان ( الديات )

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمدی کوڕی عەبدوڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

ئەمەش چەند بابەتێکی لە خۆ گرتووە : -

**بابەتی ئەکەم : پێناسەکەی :**

دەستەواژەی ( الدية ) لە شەرعدا بەو ماڵە دەوترێت کە دەدرێت بەو کەسەی کە دەستدرێژی و تاوانی بەرامبەر کراوە، یان دەدرێت بە کەسوکارەکەی بەهۆی ئەو تاوان ودەست درێژیەیەی بەرامبەری ئەنجامدراوە .

وە پێیشی دەوترێت ( العقل ) چونکە کەسی بکوژ خوێنی کەسی کوژراوەکەی لە ووشتر کۆدەکردەوە، و پاشان دەیداتە دەست خزم وکەسوکارەکەی .

**بابەتی دووەم : مەشروعیەتی ئەم باسە و بەڵگە وحیکمەتەکانی : -**

1-بەڵگەی مەشروعیەتی : خوێندان بە بەڵگەی قورئان وسوننەت و کۆدەنگی زانایان واجبە .

لە قورئاندا خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَمَن قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَـًٔا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ أَهْلِهِۦٓ ﴾ [ النساء: ٩٢] .

واتا : هیچ موسڵمانێك مافی نیە موسڵمانێکی تر بکوژێت، بێ ئەوەی هەقی کوشتنی لەسەر هەبێت، مەگەر بە نەزانین و هەڵە بیکوژێت، ئەویش وەك ئەوەی گوللەیەکی لەدەست دەربچێت و بەبێ ئەنقەست موسڵمانێك بکوژێت.. یان وەك ئەوەی کەسێك تەقە لە کەسێك بکات کە لە ڕووی شەرعی یەوە کوشتنی حەڵاڵ بێت، کەچی گوللەکە بەر موسڵمانێك بکەوێت و بیکوژێت.. جا هەر کەسێك موسڵمانێك بە هەڵە بکوژێت،

هەرچەندە ناكوژرێتەوە، بەڵام دەبێت كۆیلەیەك لە ژیانی كۆیلەیەتی ئازاد بكات، هەروەها خوێنی كوژراوەكەیش بدات بە كەسوكاری كوژراوەكە .

لە سوننەتیشدا هاتووە : ئەو فەرموودەیەی كە ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی كردووە، كە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی :{من قتل له قتيل فهو بخير النظرين : إما أن يفدى، وإما أن يقتل } واتا : هەر كەرسێك كەسێكی لێكوژرا، ئەوا سەرپشكە لەنێوان ئەوەی كە خوێنكەی وەربگرێت، یان ئەو كەسە بكوژێتەوە كە كەسەكەی لێ كوشتوە.

هەروەها ئەو فەرموودەیەش عەمری كوڕی حەزم ڕیوایەتی كردووە، تێیدا هاتووە : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) نامەیەكی بۆ نووسی لەو نامەیەدا تەواوی ووردەكاری چۆنیەتی و چەندیەتی خوێنەكانی تێدا ڕوون كردبووەوە .

زانایانیش هەموویان كۆدەنگن لەسەر واجبیەتی خوێندان لەبری ئەو كەسانەی كە لەلایەن كەسانی ترەوە دەكوژرێن .

2-حیكمەتی مەشروعیەتەكەی : حیكمەتی مەشروعیەتی ئەم كارە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا بۆ پاراستنی گیان وڕۆحی كەسەكان، ودووركەوتنەوە لەڕشتنی خۆێنیان، وڕێگاگرتن وتەوساندنەوەی ئەو كەسانەی كە سوكایەتی بە ڕۆح وگیانی كەسانی بێتاوان دەكەن .

**بابەتی سێهەم : خوێن ( دية ) لەسەر كێ واجبە ؟ وە دەكەوێتە ئەستۆی كێ ؟**

هەركەسێك مرۆڤێكی كوشت یان بەشێكی لەناوبرد، ئەوا لەدوو حالەت بەدەر نیە : -

حالەتی یەكەم : ئەگەر هاتوو ئەو تاوانەی كە ئەنجامی داوە وبووە بەهۆی مردنی كەسێك بە دەست ئەنقەصد وعەمد بووبێت، ئەگەر هاتوو كەسوكاری كوژراوەكە عەوفیان كرد وتۆڵەیان لێ نەسەندەوە، ئەوا خوێن ( دية ) هەمووی لە ماڵ وسامانی بكوژەكە واجب دەبێت، خۆ ئەگەر هاتوو ئەندامێكی لاشەی لەناوبردبوو، دیسان دەبێت بریتی وخوێنەكەی لەماڵی ئەو كەسە بدرێت كە بە عەمد وئەنقەصد تاوانەكەی

ئەنجامداوە، چونكە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ﴾ [ الأنعام: ١٦٤ ] .

واتا : هیچ كەس تاوان وگوناهی كەسێكی تر لە ئەستۆ ناگرێت.

بەڵام ئەگەر هاتوو تاوانەكە تاوانی بە هەڵە یان لێكچووی هەڵە بوو، ئەوا خوێن ( دیة) ی بكوژەكە دەكەوێتە ئەستۆی خزم وكەسوكاری بكوژەكەوە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی كە ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) گێڕراویەتیەوە و دەڵێت : " قضى رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) في جنين امرأة من بني لحيان سقط ميتا بغرة، عبد أو أمة، ثم إن المرأة التي قضى عليها بالغرة توفيت, فقضى رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) أن ميراثها لزوجها وبنيها، وأن العقل على عصبتها " (1) .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) قەزاوەتی كرد لەسەر كۆرپەلەی ئەو ئافرەتەی بەنی لەحیان كە بە مردوویی لەدایك بوو كە لەبریتی خوینەكەیدا بەندەیەك یان كەنیزەێك بدەن بەدایكەكەی، پاشان دایكەكەش كە بەندەكەیان بۆ بڕیاردابوو وەفاتی كرد ومرد، پاشان پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بڕیاریدا كە میراتی ئەو ئافرەتە بۆ مێردەكەی و منداڵەكانی بێت، وە ئەو خوێنەیش كەوتبوە سەری خستیە سەر كەسوكارەكەی .

لەبەر ئەوەش دەخرێتە ئەستۆی خزموكەسوكارەكەی چونكە ئەنجامدانی تاوانی بەهەڵە زۆر دووبارە دەبێتەوە، وە كەسی تاوانباریش بیانوی خۆی هەیە و ( ومعذور ) ـە، بۆیە واجبە هاوخەمی وهاوكاری بكرێت، وباری سەرشانی سووك بكرێت، بە پێچەوانەی ئەو كەسەی كە بە ئەنقصەد و عەمد تاوانێك ئەنجام دەدات، چونكە ئەو كەسەی بە ئەنقصەد تاوان ئەنجام دەدات خۆین لەبری گیان ورۆحی خۆی دەدات، چونكە لە بنەمادا دەبوایە بكوژرێتەوە لە تۆڵەی ئەو كەسە بێ تاوانەدا كە

(1) بوخاري بە فەرموودەی ژمارە (6740) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارەی (1681) ڕیوایەتیان كردووە .

کوشتویەتی، بەڵام کەسوکاری کوژراوەکە لێی خۆش بوون ودەستیان هەڵگرتووە لە تۆڵە سەندنەوە، جا کاتێك دەست هەڵدەگرن لە تۆڵە سەندنەوە ئەوا دەبێت کەسی تاوانبار خۆی پێدانی خوێنەکە لە ئەستۆ بگرێت چونکە بەو کارەی گیانی خۆی لە مردن ڕزگار کردووە .

**بابەتی چوارەم : جۆرەکانی خوێن ( الديات ) و ئەندازە و بڕەکەیان : -**

ئەصڵ وبنەما لە بابەتی خوێنداندا پێدانی ووشترە بەخاوەن هەق، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { في النفس مائة من الإبل .. } [1] .

واتا : خوێنی کەسێکی کوژراو صەد ووشترە .

هەروەها فەرموویەتی : { ألا وإن قتيل الخطأ وشبه العمد ماكان بالسوط والعصا مائة من الإبل } [2] .

واتا : لە خوێنی ئەو کەسەی بە هەڵە یان بە لێکچووی هەڵە دەکوژرێت ، ئەوەی بە قامچیەك یان بە کۆچانێك دەکوژرێت صەد ووشتر دەبێت بدرێت لە خوێنەکەیدا .

وعن عمرو بن شعيب عن أبيه عن جده قال : " كانت قيمة الدية على عهد رسول الله صلى الله عليه وسلم ثمان مائة دينار أو ثمانية آلاف درهم ..... فكان ذلك كذلك حتى استخلف عمر رحمه الله فقام خطيبا فقال : ألا إن الإبل قد غلت قال ففرضها عمر على أهل الذهب ألف دينار، وعلى أهل الورق اثني عشر ألفا، وعلى أهل البقر مائتي بقرة وعلى أهل الشاء ألفي شاة وعلى أهل الحلل مائتي حلة " [3] .

واتا : نرخی خوێنێك لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا ( صلى الله عليه وسلم ) هەشت صەد دینار یان هەشت هەزار درهەم بوو، - واتا : ئەو سەد ووشترە نرخەکەی هێندەبوو

(1) نەسائی بە فەرموودەی ژمارە (4857) ڕیوایەتی کردووە، شێخ ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە : (صحيح النسائي) ژمارە (4513) .

(2) نەسائی بە فەرموودەی ژمارە (4791) ڕیوایەتی کردووە، شێخ ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە : (صحيح النسائي) ژمارە (4460) .

(3) ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (4542) ڕیوایەتی کردووە، شێخ ئەلبانیش بە حەسەنی داناوە، بڕوانە : (الإرواء : ژمارە (2247) .

- بەو شێوەیە مایەوە – واتا : خوێن هەر بە ووشتر دەدرا - تاوەکو عومەری کوڕی خەتاب ( خوای لێ ڕازی بێت ) بوو بە خەلیفە، ئەو کاتە هەستا ووتارێکی بۆ خەڵکیدا وە ووتی: نرخی ووشتر گران بووە، بۆیە عومەر پێدانی خوێنی لەسەر ئەو کەسانەی کە زێریان هەبوو بە هەزار دیناری زێڕێن خەملاند ودیاری کرد، وە ئەو کەسانەش کە زیوویان هەیە دوانزە هەزار درهەم بدەن، وە ئە کەسانەش کە مانگایان هەیە دوو سەد سەر مانگا بدەن، وە ئەو کەسانەش مەڕیان هەیە دوو هەزار سەر مەڕ بدەن، وە ئە کەسانەش جلوبەرگیان هەیە دوو سەد قات جلوبەرگ بدەن .

جا بۆیە دەبێت بزانین ئەصل وبنەما لە خوێندانا ( الدية ) ووشتر بووە، ئەو شتانەش کە باسمانکردن و ئاماژەمان پێدان لە ڕووی خەملاندن بوو بۆ ئەو کەسانەی کە نەیانبووە ووشتر بدەن، عومەری کوڕی خەتابیش ( خوای لێ ڕازی بێت ) بە ئامادەبوونی هاوەڵان ئەو کارەی کردووە و کەسێکیس نەبوو ناڕازی بێت لە کارەکەی، بۆیە بە ( اجماع ) وکۆدەنگ هەژمار دەکرێت، جا لەبەر ئەوە خوێن بە ووشتر دەدرێت، یان بە نرخ وقیمەتەکەی لەو شتانەی کە باسکران .

2- ئەندازەکان وبڕی خوێن : -

-خوێنی کەسێکی ئازادی موسڵمان : سەد ووشترە، وە لە خوێنی کوشتنی بە ئەنقەصد و لێکچووی عەمددا، قورستر دەکرێت، قورس کردنەکەشی بەوە دەبێت : چل دانە لەو ووشترانە دەبێت ئاوس بن وبێچوویان لەسەکدا بێت، هەروەك پێشتر لەو فەرموودەیەی عەمری کوڕ شوعەیب لە باوکیەوە ئەویش لە باپیریەوە گێڕابویانەوە کە تێیدا هاتبوو " وأربعون خلفة " واتا : چل دانە لەو ووشترانە دەبێت ئاوس بن .

-خوێنی کەسێکی ئەهلی کتاب کە ئازاد بێت، جا (ذمي) بێت یان غەیری ذمیش بێت – واتا : معاهد بێت – ئەوا نیو خوێنی کەسێکی موسڵمان دەدرێت لە خوێنەکەیدا، ئەویش

به بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە عەمری کوڕ شوعەیب لە باوکیەوە ئەویش لە باپیرەیەوە گێڕاویانەتەوە، تێیدا هاتووە : " عقل أهل الذمة نصف عقل المسلمين " [1] .

واتا : خوێنی ئەهلی ذمة نیوەی خوێنی موسڵمانانە .

لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە : " دية المعاهد نصف دية المسلم" واتا : خوێنی کەسێکی موعاهد – ئەو کەسەی کە ئەهلی کتابە یان بێباوەڕێکەوە لە لایەن موسڵمانانەوە ئەمان دراوە وعەهد وبەڵێنی پێدراوە کە بێتە ناو وولاتی موسڵمانانەوە - ئەوا خوێنەکەی نیوەی خوێنی موسڵمانە .

-خوێنی ئافرەت : ئافرەتێکی ئازادی موسڵمان نیوەی خوێنی پیاوێکی موسڵمانی ئازادە، هەروەك لەو نامەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) نووسی بۆ عەمری کوڕی حەزم تێیدا هاتبوو : { دية المرأة على النصف من دية الرجل } واتا : خوێنی ئافرەتێك نیوەی خوێنی پیاوێکە .

هەروەها ابن عبد البر وابن المنذر یش لەم بارەیەوە کۆدەنگی زانایانیان نقلّ کردووە .

-خوێنی کەسێکی مەجوسی ئاگرپەرست، خوێنی ئاگرپەرستێکی ئازاد- جا ذمي بێت یان موعاهد بێت یان غەیر ئەوانەیش، هەروەها خوێنی کەسێکی بت پەرستیش : هەشت صەد درهەمە، ئەویش بە بەڵگەی فەرموودەیەك کە عوقبەی کوڕی عامر دەیگێڕێتەوە وتێیدا هاتووە : " دية المجوسي ثمانمائة درهم " [2] .

واتا : خوێنی کەسێکی مەجوسی ئاگر پەرست هەشت صەد درهەمە .

-خوێنی ئافرەتانی مەجوسی وئەهلی کتاب وبت پەرستەکان : نیوەی خوێنی پیاوانی خۆیانە، هەروەك چۆن خوێنی ئافرەتانی موسڵمان نیوەی خوێنی پیاوانی موسڵمانانە،

---

(1) نەسائی ڕیوایەتی کردووە (45/8)، وە تیرموذیش بە ژمارە ( 1413) ڕیوایەتی کردووە، وبە فەرموودەیەکی حەسنەی داناوە، شێخ ئەلبانیش ووتویەتی : حەسەنە، بڕوانە : (إرواء الغليل) ژمارە (2251) .

(2) بەیهەقی لە سونەنەکەیدا ڕیوایەتی کردووە (101/8) ، وە ئەم فەرموودەیە لە سەنەدەکەیدا کەسانێکی لاواز هەن، بەڵام ئەم ڕایە ڕای کۆمەڵێك لە هاوەڵانی بەڕیزەوە ( خوایان لێ ڕازی بێت )، وە موخالیفی ئەو ڕایەش نەزانراوە، بڕوانە : التخليص الحبير : (34/4) .

ئەمەش بە بەڵگەی گشتگیری فەرموودەکەی عەمری کوڕی شوعەیب کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد و هاتبوو : " عقل أهل الكتاب نصف عقل المسلمين ".

واتا : خوێنی ئەهلی کتاب نیوەی خوێنی موسڵمانانە .

-خوێنی کۆرپەلەی ناو سکی دایك : خوێنی کۆرپەلەی ناو سکی دایك ئەگەر هاتوو بە مردووی لەدایك بوو، بەهۆی تاوانێك کە بەرامبەر دایکی ئەنجام درابوو، جا عەمد بێت یان بە هەڵە بوو بێت، ئەوا دەبێت بەندەیەك یان کەنیزەکێك بدات بەکەسوکارەکی کوژراوەکە، بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕوایەتی کردووە، وپێشتر ئاماژەمان پێدا، هاتووە : " قضى رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) في جنين امرأة من بني لحيان سقط ميتا بغرة، عبد أو أمة ... " [1] .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) قەزاوەتی کرد لەسەر کۆرپەلەی ئەو ئافرەتەی بەنی لەحیان کە بە مردوویی لەدایك بوو کە لەبریتی خوینەکەیدا بەندەیەك یان کەنیزەیێك بدەن بەدایکەکەی ...

خوێنکەش بە دەیەکی خوێنی دایکی دەخەمڵێنرێت کە بریتیە لە : پێنج ووشتر .

(1) بوخاري بە فەرموودەی ژمارە (6740) وموسليم بە فەرموودەی ژمارەی (1681) ڕیوایەتیان کردووە .